


# مۆدەی جلی پاییز



## چۆن لاینەری شایستە بۆ چاوەکانت دەکەی؟

لاینەری چاو، بەشـێکی گرنگە لە ماکیاژی چاو، واتە ئەگەرچی ماکیاژێکی شایسـتەت بۆ چاوەکانت کردبێ، بەڵام کە لاینەری نەشیاوت بۆی دانا، ماکیاژەکە چ ئەوەندە جوان نابێت. بەڵام ئەگەر ماکیاژی چاو لاینەری سەرەوە و خوارەوەی چاوی لەگەڵ بکەی، زۆر سەرنجڕاکێشـتر دەبێـت. هەوڵبدە هەردەم هێڵەچاو (لاینەر) راسـت بێت و لار و لۆچی نەبێ، بۆ ئەوەی بەسـەر ئەو کارەدا زاڵ بێت، پێویسـتە لە کاتی لاینەرکردنی چاو، چاوەکانت دانەخەی، تا بە تەواوی هێڵەچاوەکە بکێشێت، بەبێ ئەوەی خوار و لار بێـت. بە تایبەت لاینەری خوارەوە لەلای هەردوو چێوەچاوی دەرەوە و ژوورەوە، مەهێڵـە لـە راسـتەهێڵی خۆی لابدات و لە دەسـتت دەربچێت، چونکە خوار و خێچی لاینەری چاو، ماکیاژی چاوت تێکدەدات و ئەوەندە شـیاو و بەرچاو نابێت. لە بارەی رەنگی لاینەرەوە پسپۆران دەڵێن: بەکارهێنانی رەنگی کراوە وەك: سپی و رەساسی و شینی ئاسمانی، سیحر و جوانی تایبەت بە چاوەکانت دەبەخشـێت و واباشـە دوور بکەویتەوە لـە بەکارهێنانی رەنگی تـۆخ وەك: رەش و قاوەیی، چونکە ئەو دوو رەنگە، رەنگی چاوت دەبەن و ئەوەندەش لە شـێوەی ماکیاژی چاوەکانت کاریگەر نابێت.






پاییــز ئەو وەرزەیە کە خانمان وا لێدەکات لــە مۆدی هاوین دوور بکەونەوە و جلی تازەی گونجاو بۆ خۆیان دابین بکەن. لە شێوازی دیاریکراوی جلی پاییزی ئەمساڵیشدا، زیاتر بایەخیــان بە پانتۆڵ و کراس، یان بلــووزی کراوە داوە، پانتۆڵەکە لە قوماش بە ڕەنگی جۆراوجۆر پێکدێ، پێشــتر زیاتــر پانتۆڵی جینز و کابۆیی لەبــەر دەکران، بەڵام ئەو شــێوازە ئەمساڵ گرنگی پێنەدراوە، پسپۆڕانی بواری تەندروستیش پانتۆڵی قوماشیان لــەلا پەســندترە. واچاکە خانمان بزانن لە پاییزدا چ جــۆرە جلێك لەبەر دەکەن، تا وەك شازادەیەکی پاییز دەربکەون.

# کراسی تازەی بووک بۆ (٢٠١٥)



بەر لە هاتنی ساڵی تازە، پسپۆڕانی بواری جوانکاری هەوڵی خۆیان خستەکار وەك مۆدەی ساڵی داهاتوو زۆربەی ستایل و نەخش و دیزاینی جل و بەرگ دیاری دەکەن، ئەو هەنگاوە وەك پێشهاتەیەکی مۆدەیە کە ساڵانە لە وەرزی پاییزدا مۆدی ساڵی دیکە هەڵدەبژێرن، تا لە ئێستاوە خانمان خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن یەکێك لەو جلە تازانە بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن و لە ئێستاوەش چاویان لەسەربێت. جلی بووك، خەونی زۆربەی کچانە، تا لە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەریدا بە جوانترین شێوە دەربکەون. جلی بووکانیش نەك ساڵانە گۆڕانکاری بەسەردا دێ، بەڵکو جلێکی وەرزییە و هەر وەرزەی مۆدەیەك لە جلی بووك دەردەکەوێ. لە مۆدی تازەی جلی بووکدا، زیاتر جلەکە بەبێ نەخشە و لە ستایلدا سادەیە، شێوازێکی ناسکی هەیە، بەشی سەرەوەی بەرۆکی پەڕپەڕەو ناوقەدیشی تەسکە و نەخشێکی هەیە، وەك ئەوەی بەسترابێت، بەشی خوارەوەشی سادەیە و هیچ جۆرە نەخشێکی تێدا دانەنراوە، ئەوەش وادەکات کە جلێکی نایاب و ڕازاوە بێت، بە تایبەت کیژ بەم جلانەوە دەبنە بووکێکی جوان.



# ئاشنای ئەو وێنە سەیرانە بە

ئەگەر سەیری ئەو وێنانە بکەی، ڕەنگە ترسناك بن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شێوەیان سەرنجڕاکێشە، لەوانەشە خەڵك بپرسن ئەوە شێوەی چییە و چ وەحشێکە؟ بەڵام ئەوانە ئەو گیاندار و باڵندە بچووکانەن کە ڕۆژانە بەسەر سەر و دەم و چاومان دەکەون، یان ئەوانەن کە ڕۆژانە بەرچاومان دەکەون، وێنەگرێکی بەریتانی بە ناوی (گریك وارفۆرد)، چەندین وێنەی نزیکی بە مێش و مەگەزی جۆراوجۆر گرتووە، ئەو زیاتر ئامێری زوومی کامێرای بەکارهێناوە و وێنەکە چەندین جار لە گەورە کراوەتەوە، مەبەستی ئەو وێنەگرە لەوەیە کە چیتر لە مێش و مەگەز نەترسین، بەتایبەت ئەوانەی لە ماڵەکان و شوێنی کارکردنمان دەبینرێن وەك: پەپوولە، مێشوولە، هەنگ، تەیارۆکە و هتد..







## ڕیجیمێکی دەگمەن!



# دروستكردنی تابلۆ لە كێڵگەی برنج

ژاپـــۆن، ئەو وڵاتە پێشـــكەوتووەیە كە لـــە تەكنەلۆژیا و داهێنانی تازە بەناوبانگە و بیر لە هەموو شتێك دەكەنەوە، وەك ئەوەی داهاتوو تەنیا بۆ ئەوان بێت، ئەوەتا لە سادەترین بیرۆكـــەدا لە گوندێكی ئەو وڵاتە بە ناوی (ئیناكاداتی) كە دەكەوێتە نزیك شاری هیرۆساكی، توانیویانە كشتوكاڵ و هونەر تێكەڵ بە یەك بكەن، رەنگە لەلاتان ســـەیر بێت، چۆن ئەو كارەیان كردووە، لە كێڵگەیەكی چاندنی (برنج) دا، چەندین وێنەی جۆراوجۆریان كێشاوە، ئەو بیرۆكەیە بە برنجی جۆرەها رەنگ دەكرێت، بەر لە چاندنی توێكڵەی برنج، وێنەكێشێك دەهێنن و بەپێی رێنمایی بۆیان دادەنێن و ئەوانیش برنجەكە دەچێنن، لە داهاتووشدا دەبێتە تابلۆیەكی هونەری جوان لە برنج.



## زمان درێژی ۲۰۱٤ی جیهان

سالانە ئینسـیكلۆپیدیای گینس شتە سـەیرەكان تۆمار دەكات، لە ئەمساڵیش(۲۰۱٤) خاوەن درێژترین زمان دەستنیشـان كـرا. ئەو كوڕە گەنجە نـاوی (سـتو بیرل)ـە و خەڵكـی ویلایەتـی كالیفۆرنیای ئەمریكایە، دوای پێشكەشـكردنی زانیـاری كەسـی خۆی لەسـەر ئەوەی خاوەن درێژترین زمانە، دواتر پشكنینی بۆ كرا، دەركەوت زمانی ئەو گەنجە (۱۰) سـەنتیمەتر لە زمانی مرۆڤی ئاسـایی درێژترە. ئەو كوڕە گەنجە دەڵێت: من زمانم ئەوەنـدە درێژە، بەڵام كەم قسـە دەكەم، ئاماژەشی بۆ ئەوە كرد، كە ئەوان بە بنەماڵەوە زمانیان درێژە، لە وێنەكەشـدا، وەك رێكلامێك بۆ درێژیی زمانی جووڵەیەكی سەیری بە زمانی كردووە.





لـەو كاتەی كێشـی (۱٤۰) كیلۆگرام بوو، هەسـتی بە تەنیایی و دڵتەنگی زۆر دەكرد لە بەرانبەر هاوڕێ لاواز و جەسـتە باریكەكانیدا، (هازل دیسۆن)، ئەو كچەیە ئەوەندە قەڵـەو بووە كە لە خـۆی بێزار بووە، تەنانەت حەزیشـی بە هاوسـەری دەكرد و كەس نەبوو داوای هاوسـەری لێ بكات بەهۆی قەڵەوی جەسـتەیەوە. ئەو بۆ ماوەی ساڵێك خەریكی ریجیمكردن و لاوازكردنی جەسـتەی بوو، بۆیە بە ئیرادەیەكی پۆڵاینەوە توانی لە ماوەی دوو سـاڵدا نزیكەی (٦١) كیلۆگرامی لە كێشـی كەم بكاتەوە. ئەوەش كێشـێكی زۆرە و وەك ئەوە وایە مرۆڤێك لە جەسـتەی جیا بووبێتەوە. ئێستا كێشی هازل دیسۆن تەنیا (۷۹) كیلۆگرامـە و بەوەش زۆر رازییە و دڵی خۆشە.

دابەزاندنی كێشی جەسـتە، ئێستا بۆتە حەز و ئاواتی زۆربەی ئەوانەی قەڵەون، یان هەست بە زۆری كێشی لەش و لاریان دەكەن، ئەوەتا هازل ئێسـتا لاواز بۆتەوە، تەنانەت بەم دواییە چەند پیاوێك داوای هاوسـەرێتیان لێ كردووە و ئەویش دەڵێ: با هەندێك خۆشی لە جەستە لاوازی جەستەم ببینم، ئنجا بڕیاری هاوسەری دەدەم.

# ئێرە ئەفریقیایە!

ئەوەی لە کیشوەری ئەفریقیا هەیە، ناچێتە هۆشی کەسەوە، ئەوەی سەیر و سەمەرەیە لەو کیشوەرە ڕوودەدات، تەنانەت هەندێك شتی وا دەکەن، کە جێگەی نیگەرانی و بەزەییە، هەندێك لەو حاڵەتانە لە نەبوونی و هەژارییە، هەندێکی دیکەش وەك داب و نەریتی خۆیانە، ئەوەی لەم وێنانە دەیبینن هەموویان لەو کیشوەرە گیراون، حاڵەتەکانیش ڕاستەقینەن و دروستکراو نین، ژیان لەو کیشوەرەدا سەیر دەگوزەرێ..





**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زۆر کەس هەن لەپێشەوە ئافەرینت لێ دەکەن و بەڵام لەدواوە سەرزەنشتت دەکەن، بڕوات بەکەسێك نەبێت کەهانت دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری خراپ، پێویستە بەقوڵی بەخۆتدا بچیتەوە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەم ڕۆژانە بیری ڕابردووت دەکەیتەوە، بەهۆی ئەوەش دەست دەکەیت بە گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانت کە لەوانەیە ئاوات و ئامانجی ژیانیشت بگرێتەوە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بیر لە ڕابردوو مەکەوە، چونکە کەسێك ویستی ئارامت بکات، ماوەیەك هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و ئەوەش کاتییە، هەر هەنگاوێك دەهاوێژی سەرەتا بیری لێ بکەوە و پێداچوونەوە بە خۆتەوە بکە، چونکە کەسانێك حەز بە ئاشنابوونەوەت دەکەن.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەمڕۆ کەسێك کە دەمێکە ململانێت لەگەڵ دەکات تووشی سەر ئێشەت دەکات و پەرێشان دەبیت، بۆیە پەنا بۆ دولبەرەکەت دەبەیت و داوای هاوکاری لێ دەکەیت.

**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئاوات و خۆزگەت زۆرە، بەدڵنیاییەوە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکەت، باری داراییت بەرەو باشتر دەچێت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەگشت بوارەکانی ژیانتدا دەبینیت، بەڵام دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەت بکەیت.

# بچووکترین هەلیکۆپتەر!

ئەوەی دەیبینن بچووکترین هەلیکۆپتەرە، کە لە تازەترین بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووە، کە درێژایی ئەو هەلیکۆپتەرە تەنیا (٤) سەنتیمەترە و بە پاترییەکی بچووك کار دەکات، دەتوانرێت ئەو هەلیکۆپتەرە بۆ کاری سیخوڕی و سەربازی و کاری تایبەت بەکاربێنن، جگە لەوەی وەك گەمەیەکی منداڵانەیە، تا منداڵان بتوانن بیفڕێنن، زۆریش بەهێزە لە کارکردندا و زۆر بە وردی دروست کراوە.





# ئۆتۆمبێلی ژێر ئاو!

ئەگەر ئاوی سەر شەقامەکان چەند مەترێکیش بەرز بێتەوە، لەمەودا کێشەی کوژاندنەوەی ئۆتۆمبێلمان نامێنێ، چونکە لە داهاتوودا جۆرە ئۆتۆمبێلێك دەردەکەوێ، کە لە ژێر ئاویشدا دەڕوات، ئەو ئۆتۆمبێلە لەلایەن کۆمپانیایەکی سویسری بە ناوی (ڕەین سپیید) دروست کراوە، ئەوەش یەکەمین ئۆتۆمبێلە بتوانێ لە ژێر ئاویش بڕوات، وەك لە وێنەکاندا دەیبینن، بەبێ ئەوەی گرفتی بۆ دروست بێت، بە ئاسانی لە ژێر ئاوەوە دەڕوات.

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆزو خۆشەویستیەکی لەرادەبەدەر ڕووت تێدەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
لەبواری خێزانیدا بەرەو باشتر هەنگاو دەنێیت، زۆربەی کێشەکانت بەرەو چارەسەر کردن دەڕۆن، بۆیە ئەمەش وات لێدەکات کەباری دەروونیت ئارام بێتەوەو خۆشی ژیانت داگیر بکات.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
لەوانەیە ئەمڕۆ نەگەیتە هیچ چارەسەریەك بۆ گیروگرفتەکەت، بەڵام گوێگرتن لەئامۆژگاری ئەوانەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت و قازانج دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
هەندێك گۆڕانکاری بەرەو کێشەت دەبەن بەتایبەتیش لەبواری داراییەوە، بۆیە ئاگاداری خۆت بەو لەهەموو کارێك نزیك مەبەرەوە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
ئەمڕۆ کەمێك وەڕس دەبیت، لەوانەیە لەبەڵێنێکیشت پەشیمان بیتەوە کە بە خۆشەویستەکەت داوە، بۆیە هەست بەئارامی و دەروون و ویژدانیت ناکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.


**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
ڕاستییەك بێئومێدو بێ وورەت دەکات، بەڵام ڕۆژانی داهاتوو لەگەڵی ڕادێیت و خۆشحاڵ دەبین، بۆیە بەزیرەکی و پشوو فراوانی هەڵسوکەوت بکە با دوایی پەشیمان نەبیتەوە.



## کاریکاتێر

- لەم وێنەیەدا ڕوخساری کەسێکە و ئەگەر زیاتر ورد بیتەوە، کەسێکە لە پشتەوە وێنەی کراوە.

## وتەی ناوداران



**- گاندی، بۆ هەستی ناپاك دەڵێ :**
ڕێگە بە کەس نادەم، بە پێڵاوە پیسەکانیان بەناو مێشك و بیرمدا بێن و بچن !